# هەڵەیەکی کوشندە

ئەنوەر قادر رەشید



جامانەکەی لە ملی ئاڵابوو، لە قوژبنێکی ژوورەکەدا خۆی گرمۆڵە کردبوو.. هەر خۆی ژوورەکەی تاریك کردبوو، تەنیا تارماییەك بوو لەو ژووره نووتەکەدا، تاریکییەك کە ئەوەندەی تر ژوورەکەی لێ تەنگ کردبوو.. تاریکییەکە بەناخیدا رۆچووبوو، دەنا لە ژیانیدا شێوەیەکی تریشی لە تاریکی بینیبوو، کە زیاتر بەرچاوی بەرین دەکردو بە قوڵی تێی دەڕوانیو بیابانو دەریائاسا، تا چاوبڕکا دەیبینی. مەسەلەی ئازایەتیو چاونەترسی رۆڵی سەرەکییان نەبوو لەو پەیوەندییە نائاساییەی نێوان ئەو و تاریکی. تاریکی لە ناخیدا رەگی داکوتابوو. هەر لە هەرزەکارییەوە گرێبەندێکی لەگەڵ تاریکیدا کردبوو، چونکە ئەو پیشەیەی ناویان نابوو راوە بازرگانی بووبووە پیشەی هەمیشەیی، زۆری لە شەوداو لە قولایی تاریکییەوە ئەنجامدەدرا.

دڵەڕاوکێو نائارامی تەنگیان پێ هەڵچنیبوو.. هەستی دەکرد هەموو خوێنی جەستە تەوژمی هێناوەو لەڕوویدا کۆبۆتەوەو ها ئێستا، ها تاوێکی دی دەمارەکانی دەترکێنو خوێن فوارە فیچقە دەکاو دەیکاتە زریانی خوێن. نەیدەزانی لەرزینەکەی لە شەرمەزارییەوەیە یان لە برسا، چونکە دوو شەوو دوو رۆژبوو زاد نەکەوتبووە سەر زمانی، هەموو هەوڵو تەقەلای ژنەکانیشی بۆ کردنەوەی دەرگاکە بەبا چووبوون. دەیویست تەنیابێ. پێویستبوو بیر لەو کارە شەرمئامێزەی خۆی بکاتەوە.. دەبوو قووڵ بیربکاتەوە.

دەیزانی هیچ هێزێك لە دنیادا ناتوانێ ئەو هەڵەیە راست بکاتەوەو ئەو گوناهە گەورەیەش بە هیچ پاك نابێتەوە. کارێکی نەکردووە بتوانێ لێی پەشیمان بێتەوە، یان داوای لێبوردن بکا. رووداوێك بوو لەدەست دەرچووبوو.. بەهیچ شێوەیەك گەڕانەوەی نەبوو، وەك چۆن گوللە لە لوولەی تفەنگ دەردەچێو گەڕانەوەی نییە، ئەمیش بەو شێوەیە دەرچووبوو، گەڕانەوەی نەبوو. لەو قوژبنەدا دەست لە ئەژنۆ دانیشتبوو، کزۆڵەی کردبوو. ئەو کارە لای ئەم کارەسات بوو، کۆستکەوتن بوو. بۆیە جارە ناجارێك بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشاو لەگەڵ هەر کڕوزانەوەو هەوا هەڵمژینێکدا، باوکەڕۆیەکی بۆ دەکرد. چەناگەو سەری لووتی ئەوەندە لەیەکتر نزیکدەبوونەوە لەوە دەچوو شەڕیان بێو هەناسەهەڵکێشان ناوبژییان بکاو لەیەکتریان جیابکاتەوە. ئەو پێویستی بە تاقمی دانەکەی نەمابوو، چونکە تەنیا خەمو پەژارەی دەخواردو ئەوانەش پێویستیان بە ددان نەبوو. هەرچەند ئەو کارەساتە جەرگبڕەی بیردەکەوتەوە، تەزوویەك لە بەری پێیەوە دەهاتو لە تەوقی سەریەوە دەردەچوو.

ئەو ژوورەی تیایدا هەڵتروشکابوو دیوەخانەکەی نەبوو. ژوورێکی لابەلابوو. تەنیا ژوورێکو یەك ئاودەست. جاروبار کە سزای دەستوپێوەندەکەی خۆی بدایە لەو ژوورەدا بەندی دەکردن، ئەمجارەیان سزای خۆی دەداو هەموانیشی راسپاردبوو، هەر کەسێك هات بڵێن ئاغا لە ماڵ نییەو کەس لە دیوەخان گل نەدەنەوەو کەسیش توخنی خەڵوەتگاکەی نەکەوێ.

—چۆن دەبوو سوارچاكو ئازاو جوامێرو چاونەترسێکی وەك تۆ، کاری وای لێ بوەشێتەوە..؟ تۆیەکی مەجلیس گەرمو مەشرەف خۆشو ئەرباب. تۆیەکی خاوەن دیوانی هەمیشەیی، دیوەخانێك لە باوو باپیرتەوە بۆت ماوەتەوەو یەکێك نەیبیستووە کاری وای تیاکرابێو کارەساتی وای تیا رووبدا. کەی ئەوە تۆ بوویت خۆت بخەیتە رۆژگارێکی وا تاریكو نووتەكو، سەرنزمیو شەرمەزاری بۆ وەچەکانت بکەیتە میرات؟. ئەو کارەساتەی پێرێ شەو لە باسکردن نایەت، چونکە کاری کردە نەبوو.. چۆن جارێکی دی رووت دی چاو لەبەرچاوی ئەو کەسانە هەڵهێنی؟! خۆ ئەگەر دەستت بەسەریاندا بشکایە ئەوە دەموت هەموویان لەناوبەرەو با ئەو نهێنییە لەگەڵ خۆیاندا ببەنە ژێر گڵ، بەڵام مەخابن بۆ ناوچەوانە رەشەکەی تۆ، ئەوان لە تۆ بەدەسەڵاتترنو زیاتر دەستیان دەڕوا. ئێستا کردوویانیت بە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانیان. سەری زمانو بنی زمانیان هەر باسی تۆو ئەو مەسەلەیەیە، لەمێژە ئەوانی تریش چاوەڕێی فرسەتێکی وان. خۆت ئەو سەگەلە چاك دەناسیت، ئەو کاتەی بەدەمتەوە پێدەکەننو دەستت دەگوشن، بە خوێنی سەرت تینوونو خوازیارن ژەهر بکەنە پێستتەوەو بتکەنە خۆراکی سەگ. لێم ببوورە، ئاخر من دەنگی مێژووی جوامێریتم.. من دەنگی ناوەوەی خۆتم.. من ناچارم هەموو شتێك وەك خۆی بیر بهێنمەوە، بەو نیازەی لەسەر خێرو چاکەو رێی ئازایەتی لا نەدەی، بەڵام بڵێم چی، ئەوەی تۆ کردت کاری کردە نەبوو. هەموو ئەوانەی لە ژیانتا بنیادت نابوو بە چاوتروکانێك لەناوت بردن.

—ئای باوکەڕۆ..

—باوکەڕۆو ماوکەڕۆی ناوێ.. بەفریش بوویتایە بە سالێك نەدەتوایتەوە. تۆ خۆتت دیوە چیت لێ هاتووە؟!. گوپەکانت وەك تەنەکەی قوپاویان لێ هاتووە، چاوەکانت بەقووڵدا چوون، ڕەنگت بووە بە زەعفەرانی زەرد.. منداڵ بتبینێ لێت دەتۆقێ.. خۆت چاك دەزانی پیریو لاوی بە تەمەن نییە.. ئێستاش هەڕەتی لاویتە.. بەوە نابێ تاقمت لەدەمدایە.. راستە هەندێ جار سێبەندەت دێشێو چاوەکانت کەمێك بێتین بوونو ئەژنۆکانت دەلەرزن.. هەموو ئەو فشاری خوێنو لاوازیی دڵو شەکرەو ڕۆماتیزمو بەرزمو ڕەزمانە درۆنو نانی دوکتۆرەکانیان لەسەرە، دەنا تۆ ئێستاش وەك ئاسك بەسەر کێوەکاندا سەردەکەوی، پیاوی ئیماندار تەنیا باوەڕی بە خوایە. دوکتۆرەکان بەو درۆیانە بازاڕی خۆیان گەرم دەکەن، ئەوەش شێوەیەکە لە بازرگانی. خۆت کوڕی بازاڕیو بازرگانیتو ئەو شتانە چاك دەزانیت. دەبا هەموو دوکتۆری دنیا کۆببنەوە، بزانم دەتوانن ئەو کارەساتەی لێت قەوما بیگەڕێننەوە؟!.

—براڕۆ.. باوکەڕۆ..

—ئەم گریانو کڕوزانەوەیەش هیچت بۆ ناکەن.. مەبە بە پیرێژنو سنگ مەکوتە.. تۆ چۆن کەڵ ژیاویتو هەردەم سوارچاكو ئازابوویت، هەر ئاواش بەرەنگاری چارەنووست ببەرەوەو نەکەی بکەویتە سەر ئەژنۆو باقی ژیانت بە شەرمەزاری بەسەر بەریت، تۆ ئێستاش ئەوەندەت هێزو هەرەکەت تیادایە، کە هەر دوانزە کوڕەکەت بەئاواتیەوەن. هەردەم کەسوکارت شانازییان پێوەکردوویتو بەم ئاخریو ئۆخریە مەبە بە لەکە بە نێوچەوانیانەوە. تۆ توانیوتە ئەو لەنگەرە گەورەیەی ڕۆژگار بگریتو تای ترازووەکە بەلای خۆتدا بشکێنیتەوە. کێ دەڵێ بازرگانی عەیبە؟!. ڕاستە خەڵکانێك هەن ناوت بە بێویژدان دەبەن.. جا توو شەرەفت ویژدان پیاوە؟! من لە مێژووی تۆمو تۆ لە ناختدا چەکەرەم کردووە.. هەر من ڕێنیشاندەرت بووم.. زۆر خۆشم لە ویژدان بە پیاوتر دەزانم.. ئەی ئەوە نییە ڕێی ڕاستت نیشان دەدەم؟! هەر من نەمگەیاندوویتە ئەم پلەوپایەیەی ئێستا؟!. پاشان ویژدان هەر ئەوەندە هۆشی هاتەوە دەبێتە مارو لە ملی خاوەنەکەی دەئاڵێو ژیانی لێ دەکاتە دۆزەخ.. ویژدان تەنیا شایستەی خەڵکی ئاساییە.. ئەو کەسانەی خوای تەبارەك و تەعالا بۆ خزمەتی ئێوەومانانی دروستکردوونو بوونو نەبوونیان یەکە، بەڵام تۆیەك هەر بە سەرۆكو شێخو ئاغاو فەرماندە هاتوویتە دنیاوە، چۆن دەبێ وەك ئەوان بژیت؟. تۆ تەنیا شایستەی ژیانی شایانەو سەربەرزیت.. هەتا ئێستاش بەبست لەو خەسڵەتی قارەمانیانە لات نەداوە.. ئەی ئەوە نییە ئەو هەموو شاخو کێوانەت بەپێ تەیکردووە؟ کونو قوژبنی ئەو شاخو دۆڵانە نەماوە تۆ نێچیرت تیا نەدۆزیبێتەوەو تەراتێنت تیا نەکردبێ.. ڕاستە تۆ خۆت لە هیچ شەڕێکدا پێش نەکەوتوویتو هەمیشە کشاویتە دواوەو چەکدارەکانت پێش داوە.. ئەمەش نیشانەی قارەمانیو کارامەییو لێهاتووییە. لەلایەکەوە توانیوتە لە دوورەوە کۆنترۆڵی شەڕەکان بکەیتو لەلایەکی تریشەوە جەنگاوەرەکانت نەیانوێراوە مەیدانەکە بەجێ

بهێڵن.. ئەی نالێن ئەگەر لە دارستانێکدا بیت تەنیا چەند درەختێکی دەوروپشتت دەبینی، بەڵام لە دوورەوە هەموو دارستانەکە کۆنترۆڵ دەکەیت؟!. پاشان ئەگەر یەکێك لە پیاوەکانت بکوژرێ لە کێ دەڕوا؟ ماڵو منداڵەکەی پارەیەکی باش وەردەگرنو ژنەکەشی لە هیچ بێبەش ناکرێو دەبێتە ژنی هەموان.. بەڵام ئەگەر خوانەکردە تۆ شتێکت لێ بێ، هەموو تایەفەو پیاوو خزمەتکارو خزمو کەسوکارت بێ نازو سەرگەردان دەبن، تۆ باوکی هەمووانی، تۆ فەرماندەو سەرۆکی هەمووانی.

ئاهێکی پیا هاتەوەو کەمێك خۆی قنجکردەوە.. دەمی داچەقاندبوو زیاتر لە دەمی ئەشکەوتێکی تاریك دەچوو.. گوێقوڵاخ بووبوو، دەیویست ئەو هەموو ستایشو پیاهەڵدانە بەدەنگەوە بوایە.. جاروبار کارەساتەکەی بیردەچووەوە، بەڵام دڵتەنگییەکەی نەدەڕەوییەوەو هەردەم پەڵاسێك لەسەر دڵی بوو. دەیویست بە ڕووداوەکانی ژیانیدا بچێتەوە. تاریکییەکە زیاتر یاریدەی دەدا، یادگارە ترشو شیرینەکانی بەڕوونی بهێنێتەوە بەرچاوی. گەڕایەوە هەڕەتی لاوێتی. گوڵچینی باوەژنی بەتەمەن نزیك بوو لە خۆیەوە. بۆ خوێن کوژاننەوە پێشکەشی باوکی کرابوو. کاتێ ئەم بینیی پاوپووزی هەڵداوەتەوەو بەرهەیوان گسك دەدا، تەزووی ئارەزوو بوو بە ئاگرو لە چاوەکانیەوە هاتنەدەر. گوڵچین لە ماڵی تەنیاییدا بوو. باوکیو پیاوەکانی لەڕاوبوون، ئەو ڕۆژە دەتوت بۆ ئەو خولقێنراوە، بۆیە بێ سێودوو، دەستی بۆ کەفەڵی بردو ئەویش خۆی بۆ شلکرد، بوونە دوو ماری ئاشقەو ماشقەو تێکئاڵانو جووت بوون. ئەو جارەیان یەکەمجار بوو، بەڵام دواجار نەبوو. گوڵچین خۆی نەخۆش دەخستو ئەم دەیبرت بۆ دوکتۆری شارو بەناوی ئەزمایشەوە چەند شەوێك لە ئوتێلدا دەمانەوە. ئەو کاتە ماڵی خۆیان تەنیا لە دێیەکەی خۆیان بوو، لە شار ماڵیان نەبوو. لەگەڵ ماڵی مامیشی تێکیدابوو، بۆ ئەوەی لە ئوتێل بمێننەوە.. بە خاوەن ئوتێلەکەیان وتبوو ژنو مێردین.. ڕووداوەکانی ئەو کاتە تەزوویان بە گیانیدا دەهێنا. هەموو ڕووداوەکانی وەك فیلمی سینەما دەهاتنەوە بەرچاوی، ڕەنگە هەندێ پاشوپێش لە ڕووداوەکانیاندا بووبێت، بەڵام کتومت وەك خۆی بە هەموو وردەکاریەکانیەوە دەهاتنەوە بەرچاوی. هەناسەیەکی پەشیمانیی هەڵکێشا..

—ئەی هەرزەکار یەعنی چی؟! من گڕی ئارەزوو هەڵیدەپڕوکاندمو گوڵچینیش دەیویست خۆی دامرکێنێتەوە، ئاخر باوکیشم خوا عافوی کا، تڵپەی تەڕی تیا نەمابوو. مێشی لە خۆی بۆ دەرنەدەکرا. خۆ من نالێم کارێکی باشم کردووە. هەرزە بووم هەرزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆتاییم بە مەسەلەکە هێنا.. بەتایبەت کاتێ وتی سکم لێت هەیە.. ئاخر ئافرەت کە وتی سکەکەم لە تۆیە، یەعنی لە تۆیە، ئەو هەواڵە وەك بوومەلەرزە هەڵیتەکاندم.. بەرچاوی تاریك کرد.. بەو تەمەنی هەرزەکاریەشەوە هەستم بە هەڵەی خۆم کرد.. مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە منداڵێك هەم کوڕت بێو هەم برات بێ.. ئێ بوونی زۆڵێکیش لە تایەفەکەدا کفرە.. بێجگە لە گوناهە گەورەکەش کە خوای تەبارەكو تەعالا هەرگیز لێت خۆش نابێ.. خۆ ناکرێ منیش بە گوناهی وا ڕازی بم. نەمدەویست ڕووی خۆم لە دنیاو قیامەت

رەش بکەم.. هەر بۆیە لە ڕێی شار کوشتمو وتم کەوتینە بۆسەوە.. کە زانیم خۆیو منداڵەکەشی هەناسەیان تیا نەما، ئینجا هەوایەکی پاکم هەڵمژیو لە ناخەوە ئاسوودە بووم، ئەگەر ئەوەش نەبوایە گوڵچینم هەر دەکوشت، چونکە داوێن پیس بوو.. خیانەتی لە باوکم دەکرد.. ئای لەو ڕۆژەی باوکم هاتە سەر جەستەی خوێناوی. لە ژیانمدا باوکمم بەو حاڵە نەدیبوو. دیاربوو گوڵچینی زۆر خۆش دەویست، خۆ کە زانیشی سکی هەبووە ئەوەندەی تر شێتگیر بوو.. هەر ئەو شەوە چەکدارەکانی ناردە سەر ئاوپانیەکانو پێنج کەسیان لێ کوشتن. باوکم دەیگوت هەر ئەوانن شەڕی کۆنیان هەڵگیرساندووەتەوە.. ئیدی هەر ئەو شەڕەبوو کە تا ئێستاش هەر پێوەی دەناڵێنین. لەو تەمەنە قۆڕەدا پیاو هەرچی کاری بێسەروبەرە دەیکا. بەلاَم لەو کاتەوەی خوای تەبارەکو تەعالا حەجی کرد بەنسیبمو لە هەموو گوناهەکانم پاك بوومەوە.. ئیتر ببڕای ببڕ بەنەخوێنی حەرامم نەکردەوە. کێم بەدڵ بوایە دەمخواستو بە حەلاڵی لەگەڵی دەبووم. لە هیچ کاتێکیشدا لە چوار ژن زیاترم لە ماڵدا نەبووە. من چۆن جارێکی تر بەلای حەرامدا دەچم؟! لە خوا بەزیادبێ لەو ڕۆژەوەی ماڵی خوام زیارەت کردووە، ئیتر سەرم چووبێ نوێژم نەچووە..

کەمێ بۆی جولاَو دانیشتنەکەی چاك کردەوە.. باسی گوڵچینو یادگارییەکانی سەرلەنوێ دەیانبزواندو برینە کۆنەکانی دەکولاندەوەو هەناسەیەکی ساردیان پێ هەڵکێشا. لە ناخەوە ئارەزووی دەکرد جارێکی دی لە ئامێزی گەرمو نەرمی گوڵچیندا خۆی مەلاَس داو خەونە ئەرخەوانییەکانی بکاتەوە خۆراکی گیان.. خەریك بوو دەچووەوە جێژوانی جارانو لەوەدا بوو گژوگیاو نێرگزەجاڕ بکاتەوە ڕاخەرو ئاسمانی پیرۆزەیی بەخۆیدا بداو لە سروشتدا بتوێتەوە، کە دەنگە بەگیان نامۆکەی، ئەو دەنگەی لەگەڵ خودی خۆیدا پەروەردەو گەورە بووبوو، بواری نەدەدا ئاهێکی پیادا بێتەوە. ئاسوودەیی پێ ڕەوا نەدەدی، بۆیە لەو خەونە بەئاگای هێنایەوەو توڕی دایەوە دۆزەخی دڵەڕاوکێو گومانو تاشەبەردی کارەساتەکەی دایەوە بەکۆڵیداو دەروونی دایەوە دەم زریان.

—من ئێستاش تێناگەم کاری وا شەرمئامێزت چۆن لێ وەشایەوە.. تۆیەکی جوامێرو چاونەترسو جەنگاوەر.. گونی گوندارت دەردەهێنا.. کە دەیانگوت حەوێز ئاغا جەجاڕی هات، کێ دەیوێرا خۆی ڕاگرێو کێ دەیتوانی لەبەردەمیدا بکۆکێ.. لە هەرچی ناوچەیەکەوە دەرکەوتیتایە نێچیرەکان جێیان بەخۆیان نەدەگرت. کێ خۆی بە ئازاو تفەنگچی بزانیایە خۆی لە مەیدانی تۆ لادەدا. دەیانزانی ئەوی دەستت بەسەر خۆیدا نەشکێ، ئەوە دەتوانی داخی خۆت بە کەسوکارو تەنانەت هاوڕێکانیشی بڕێژیت. هەموو دەیانزانی ڕۆژی سەد کەست پێ بەگرتنو کوشتن دەدرێ، هەرچەندە تەنیا هەلاَتوویەکی سەربازیشت پێ قوتار ناکرێ.

تۆ لەوەتەی هەیت قسەی بەرزونزمت قوبوڵ نەکردووە، ڕاستە جاروبار (ئەبو ڕەعد) ئەوەندەت جوێن پێ دەدا، دەتکا بە پەڕۆی بێ نوێژ، بەلاَم خواهەڵناگرێ ئەویش لەبەرچاوی خەڵکی ناتشکێنێ، بۆیە پاش شتنێکی پاکو تەمیز، بە زەردەخەنەو سەرێکی بەرزەوە

دەچینە ناو ئوتومبێلەکەتو وەك نە بات دیبێو نە باران، پیاوەکانیشت بەوپەڕی ڕێزەوە دوات دەکەونو ئامادەن خۆیانت لەپێناودا بەخت بکەن، چونکە دەزانن چەند ئازاو لێهاتوویت.. ئەوانیش لە گێژاوی ئەو بازنە گەورەیەدا دەخولێنەوە. ئەوان بەسەر ژنەکانیاندا زاڵن، بەڵام خۆیان لە تۆ دەترسن، تۆ لە ئەبو ڕەعد دەترسیت، ئەویش لە خۆی بەرزتر تا دەگاتە پیاوە زەبەلاحە کەڵبە خوێناوییەکەی سەری سەرەوە، ئینجا ئەویش لە خەڵکانی ڕەشوڕووتو نەبوو دەترسێ. ئەوە دەورانی ئەم ڕۆژگارەیەو دەبێ هەر کەسەو بەشێوەیەك خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ.. ئازایەتیو چاونەترسی ناتوانن بەتەنیا هیچ بۆ پیاو بکەن. خۆ ئەگەر زۆر ئازایانە ئەو ڕاستییانەت لێ ئاشکرا نەبوایەو کارت بۆ نەکردنایە ئەوە هەرگیز نەدەگەیشتی بەم ڕۆژەو بازرگانییەکەشت ڕوو لە نشێو دەبوو، بەڵام تۆ لە پاڵ جوامێریو قارەمانێتدا زیرەكو دنیادیدەو لێهاتوویت. خۆت لە قەرەی دەسەڵاتداران نادەی. ئەوەندەت دەستوپێوەند لێرەو لەوێ چاندووە.. هەر زوو پێت دەگەیەنن کە سەربازێکی هەڵاتوو، یان پێشمەرگەیەکی هەتیوچەی بێ پشتوپەنا، دەیەوێ لە قەراغ شار چاوی بە دایکی یان خێزانو منداڵەکانی بکەوێ، یان دەیەوێ دەسگیرانەکەی ببینێ، تۆش وەك هەڵۆ دەگەیتە سەریانو هەندێ جار بە زیندوویی و زۆربەی جاریش لاشەکەی دەفرۆشیتەوە بە دەوڵەت. خۆ تۆ ئەوەندە نەفام نیت کە ڕاکردوویەکی سەربازی یان شوانێك یان دێهاتییەك بگری، ڕاستییەکەی بڵێی، ئەوانیش ئەوەندەت چەندوچوون لەگەڵ ناکەن. گرنگ ئەوەیە سەرێکیان لە شاخەوە بۆ بهێنی.. گەورەترین سامانی تۆ کوڕەکانتن، هەموویانت دابەشکردووە، هەریەکەیان سەر بە لایەنێكو دەوڵەتێکن، لە هەموو لایەك ئاشت دەگەڕێ.

—وایە دابەشم کردوون، بەڵام هەر هەموویان لە ژێرەوە لە خەتەکەی خۆمن. خەتەکەی ئەبو ڕەعد سەرقافڵەی خەتەکانە.. ئیمڕۆو دواڕۆژیش هەرهی ئێمەیە. بۆ تۆ وا دەزانی هەر کوڕەکانم لەو خەتەن، بەشەرەفم خەڵکی وامان لەگەڵدایە، ئەگەر ناویان بڵێم تەزوو بە لەشدا دەهێنێ. ئەبو ڕەعد ئەڵێ زەلامی وامان لەگەڵدایە شیعریان بەسەردا هەڵداوەو گۆرانییان بۆ وتووە، بە ئێمەش ئەڵێن جاش. کوڕە هەی ناماقوڵییان کردو سەریان دای لە بەرد. قەیناکا خۆ من ناڵێم ئێمەش گشتمان باشین! نەوەڵڵا برا کافری خوانەناسی وامان تیایە لە دوابڕاوەکەش دەخۆنەوە.. ئاخر بۆیە خوا غەزەبی لێ گرتووین. خوا بەو سەرەوە ئاگادارە پاش ڕاگواستنی گوندەکانی ئەو دۆڵە، قالە گەرمیانی دەعوەتێکی کردین هەر مەپرسە. نیوەی قەل و مریشکی لەو هەڵمەتەدا دەستی کەوتبوون بۆمانی سەربڕی، بەڵام من کە بیستم ئەو هەتیوەی سەریبڕیون دەستنوێژی نەبووەو ڕووشی نەکردوونە قیبلە، هەر دەستم بۆ نەبردن. ئەی ئەشهەدوی لێ نەکەی چۆن چەقۆ لە ملی دەنێی. ئەوان باش بوون، ناوچەکانیان فراوان بوونو دەستکەوتیان زۆر بوو، خۆ وەکو ئێمەی کلۆڵ نەبوون، زۆربەی ئەهلی ناوچەکە کۆچیان کردبوو، دەیانزانی چییان بەسەردێ.. وەڵڵاهی دێی وا هەبووە بێجگە لە ڕەحەتیو مەسینەو ساجو هێڵەك هیچی تیا نەمابوو، بەڵام ئێمەش لە

گەڕانەوەدا، ڕاوی چەند کەسێکمان کردو هەقی ئەو زیانەمان بە دووقات کردەوە. ئەمە یاسای هەموو بازرگانییەکە.. لە هەموو دنیادا هەر وابووەو هەر واشدەبێ.

دیسان بیرکردنەوەی کارەساتەکە، هۆش و هەستی لە یەکتر ترازاندو هەمیسان خەیاڵی پەرتکردووەو خستییەوە گێژاوی (هەڵەی کوشندە)و باوکەڕۆو چی بکەم باشە؟!. ئەو بەڵایە وەك مۆتەکە پیایا نووسابوو، بە ئامان و زەمان لێی نەدەبووەوە.

—خوای ئەو کرامباوگاوە بوو ئاوا پێی نواندم.. ئاخر خۆ خەتای منی تیادا نەبوو، ئەو بەچکە سەگەی کوڕی بەزمەکەی نایەوە. گوایە دەکرا من لێی بێدەنگ بم؟!

سمکۆی مامە حەمەی چایچی قوتابیی پۆلی پێنجی ئامادەیی بوو.. ڕۆژانە فەرهادی کوڕە بچکۆلەی ئاغا ڕێی پێ دەگرت و بە دەمانچەی بەر پشتێنەکەی دەیترساند. فەرهاد وەك خۆی قوتابی نەبوو، گاڵتەشی بە قوتابیانی ناوچەکە دەکردو بە پلاسکۆ ناوزەندی دەکردن، بەڵام ئەو ڕۆژەی هاوڕێی مام عەلی—ی تیا گیرا هەموو مەسەلەکان گۆڕان. سمکۆو هاوڕێ لە یەك ڕێکخستنی نهێنیدا کاریان دەکرد، بۆیە گرتنی هاوڕێ، سمکۆی ناچارکرد بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە. هەر بۆ ڕۆژی دوایی، کە فەرهادی کوڕی ئاغا وەك نەریتی ڕۆژانەی ڕێی بە سمکۆ گرت، کەوتە داوی خۆیەوە. سمکۆ پەلاماری داو دەمانچەکەی لێ سەندو هەر بەو ڕۆژە ڕووناکە پێش خۆی دا، تا دەرەوەی شار وەك بارمتە لەگەڵ خۆی بردی و لەوێوە فەرهادی بە تووێی دەرپێ و فانیلەوە ڕەوانەی شارکردەوەو خۆیشی ڕێی چیاکانی گرتەبەر.

—ئاخر هەتیوی ناکەسبەچەی لەبرسامردوو چۆن دەتوانێ وا لە کوڕی من بکا؟!

—چەندجار مامە حەمە بە ڕیشی سپییەوە هانای بۆ هێنایەت و دەست و قاچی ماچکردی، فەرهاد واز لە کوڕەکەی بهێنی، بەڵام تۆ شانازیت پێوە دەکرد، کە کوڕە بچکۆلەکەشت بتوانێ ڕێ بە خەڵکی بگرێ و هاوڕێکانی لێی بترسن.. ئەگەر ئەوکاتە فەرهادت ئامۆژگاری بکردایە.. ئەم کارەساتە بەسەر نەدەهات.

پاش ئەو ڕووداوە بە دوو ڕۆژ، شێخ دەعوەتنامەی نارد بۆ موستەشارەکان و لێپرسراوانی دەزگاکانی ئاسایش و موخابەرات و ئیستیخبارات، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە جاشەکانەوە بوو.. هەموو ئەوانەی بانگهێشکرابوون کەوتنە گومانەوە، چونکە ئاغا هەرگیز دەعوەتنامەی بە نامە نەناردبوو.. هەردەم یان کوڕەکانی دەنارد یان خۆی دەچوو یان بە تەلەفۆن ئاگاداری وەکردنەوە، بەڵام ئەمجارەیان ئاغاو دەعوەتنامەو سەمای ڕۆژهەڵاتی پێکەوە نەدەگونجان، بۆیە پاش ئەوەی کەمێك لە گومانەکەیان ڕەوییەوە، هەریەکەیان بە هێزێکی چەکداریی زۆرەوە چوون بۆ شەوچەرەی ئاغا.

ئاغا هەموو شتێکی ئامادەکردبوو، میوانەکان بەلایانەوە گرنگ نەبوو چی دەخۆن. ئەوان لە هەموو دەعوەتێکی ئاغا دیاریەکی بەنرخ وەردەگرن. دەیانزانی خواردنەوەی تیا نییە، بەڵام کێ دەڵێ نییە؟. ئاغایەك گەیشتبێتە ئەوەی سەماکەر بهێنێ و سەمای ڕۆژهەڵاتییان بۆ بکا (وەك لە دەعوەتنامەکاندا نووسرابوون)، گوایە بۆچی ناهێڵێ بخۆنەوە. ئەم ڕۆژە لای ئاغا




رۆژێکی ئاسایی نەبوو، بۆیە بە جوانترین شێوە خۆی گۆڕیبوو.

شێخ رایگەیاند کە سەماکەرێکی هێناوە تا ئێستا کەس نەیدیوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو سەماکەرەکە خۆیشی بۆ یەکەمجارە سەمای رۆژهەڵاتی دەکا. ئینجا ئاغا فەرمانی داو مامە حەمەی چایچییان هێنا بە ڕیشی سپی‌و جلی ژنانەی سێکسییەوە، پێی وترابوو ئەگەر ئەمشەو خۆی سەما نەکا ئەوە لەبەر چاوی خۆی کچو ژنەکەی ئەتکدەکەن، میوانەکان سەرسام بووبوون.. ئاغاش کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدابوو.. چەپڵەی لێدەداو هاواری دەکردو لەسەر ریتمی چەپڵەو مۆسیقای ریکۆردەرەکە، مامە حەمە بای دەداو فرمێسکەکانیشی بەناو ریشیدا جۆگەلەیان بەستبوو. ئەو گریانە ئەوەندەی تر ئاغای خستبووە نەشئەو خۆشی‌و دەردی خۆی دەیوت:

ئەوی سەما دەکا دەبێ پێبکەنێ‌و چاوداگرێ، کەچی ئەم دەگری. دەبێ سمت‌و کەفەڵی خڕو سپی‌و ناسك بن، ئەم دەمارەکانی لەژێر تووکە سپیەکانیشەوە لە نەخشەی جیهان دەچوون. قاقای پێکەنینی ئاغا بووبووە گوللە تۆپی ناو ئەشکەوت‌و دەنگی دەدایەوە. یەك لەدوای یەك جگەرەی دادەگیرساند. ئاغا تووشی نیمچە هیستریایەك بووبوو، وای لێهاتبوو میوانەکان سەیری ئاغایان زیاتر دەکرد.. کۆکە گرتی، نە یەك‌و نە دوو و نە سێ. سەروژێری لە کۆنترۆڵ دەرچوون، لەژێریشەوە نە یەك‌و نە دوو و نە سێ.. کۆکین‌و تڕین بۆ یەکتریان دەسەندەوە، نەهامەتییەکەش لەوەدا بوو ئەو هەتیوە کەللە زلەی کوڕەزای لە تەنیشت ئاغاوە دانیشتبوو، ئەوەندەی تر گۆمەکەی شڵەقاند، کە وتی (ئەرێ وەڵڵا باوەگەورە تڕی!).

—تۆ یەك کۆنترۆڵی کونە ئەشکەوتت دەکرد، ئێستا چۆن ئەو کونە بچکۆلەیەت بۆ کۆنترۆڵ‌و بێدەنگ نەکرا؟! تازە چۆن لەڕووت دێ سەرهەڵبڕی؟!. تۆ ئابڕوی خۆت‌و بنەماڵەکەتانت برد.. بەری ئەو (با) کوشندەیەك بۆ نەگیرا!. ئەو کارەساتە هی ئەوە نییە چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە.. تەنیا رێگا ئەوەیە دەمانچەکەی دەرهێنی‌و لوولەکەی بخەیتە سەر تەوقی سەرت.. ئا ئا ئاوا.. بە دڵ شایەتمانێك بهێنەو تۆبە بکە، دەی زۆر چاکە.. تا ئێرە باشت هێناوە.. دەمانچەکەشت خستووتە سەر پێ؟! ئێ ئێ.. دە ئێستا پەلەپیتکەی پیانێ‌و خۆت رزگار کە.. ئافەرین.